# بزماریکی دەستوری

خالید مەجید فەرەج

دوای ئەوەی لیژنەی کیتابەتی دەستور رێک کەوتن لەسەر رەشنووسی (واتا پرۆژەی) دەستوری هەمیشەیی بۆ عێراق. سوننە مەزهەب هاتنە سەختەتی خەتی تەلەفۆن و فەرموویان عەفوەن، ئەو گەلالەیەمان قبول نیە. یەکێک لەو بەهانانەی کە گرتویانە ئەوەیە، کوردو شیعە ئەیانەوێ قانونی ئیجتیساسی بەعس ،واتا لە گرێژەنە دەرهێنانی ئەو حیزبەی کە لە 1963 وە عێراق بە ئاگرو ئاسن بەرێوە ئەبا، لەدەستوری هەمیشەیی عێراق دا ،وەکو مادەیەکی قانونی نوسرابێ . ئەوان ئەلێن بەعس وەکو فیکر شتێکی خراپ نیە راستە لەمومارەسەیا برەک خراپ دیار بوو بەلانەکی ئەویش بەهۆی سەدام حوسەینەوە بوو .ئەگینا خۆی لەخۆیا پەیرەویکە نەک هەر بۆ عەرەب بەلکو بۆکوردیش کە لەگەلمان لەم وەتەنی عەرەبیە گەورەیا ئەژین کەلکی زۆرە .دوای مشت و مرێکی زۆر رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە تەنها بەعسی سەدامی قەیەغە بێت . تائێرە شتێکی ئاساییە مادامێکی ئێمەی کوردو شیعەو سوننە وارێک کەوتوین کە هەموو بریارەکان ئەوەی پەیوەندی بە دروست کردنەوەو موستەقبەلی دەولەتی عێراقەوە هەیە بە شێوەی کۆمپرۆمایز واتا تەوافوق بێت، فەلەبەر ئەوە ناکرێ نوێنەرانی کورد لەسەر ئەو کۆمپرۆمایزە سەرکۆنە بکرێن چونکێکم لە هەوەلی دەقینەوە ئیتفاقەکە واکراوە ، وەکو هێمنی شاعیرش ئەلێ لەناو کوردا نەبووە ئیتیفاق شکێنی ،جائیتر هەر چیەک لەوبارەیەوە بلێین زیادەیە . بەلام بەرێزان ئایا کورد وەکو عەهدو پەیمان نەشکێنە ،ئەی توخوا لەشەرم و حەیایا چۆنە ؟ پێم نالێن بەچ روویەکەوە وەفدی کوردستان لە لیژنەی دەستوور داوای ریشەکێش کردنی بەعس ئەکا ، ئەوە ئێمە نیین نەوەک هەر عافوی عاممان بۆ بەعیسان و ئەنفال چیان دەرکرد بەلکو نەشمان هێشت هیچ دەم رووتێک لە عایلەی قوربانیانی دەستیان، لە گولّ کالتریان پێ بلێ ، نەخێر باشترین ئیش و باشترین ملک و بەرزترین مەنسەبیشمان پێ داون. و خۆ ئەگەر عەرەب لەبەر ئەوە ببوون بە بەعسی و موخابەرات و ئەمن چوونکە ئەوحیزبە شیعاراتی بریقەداری لەمەر بەرز راگرتن و سەعادەتی نەتەوەی عەرەبی هەلبریبوو، هەر بۆیەش رێی تێ ئەچێ ئەوان بلێن بمانبوورن هەلخەلتابووین ، ئەی جاش و خۆ فرۆش و بەعسیە کوردەکان پاساویان چی بوو خۆ بەعس بە شیعارو بەعەمەلییش کوردی بەچەن پلیکانەیەک لە خوار حەیواناتەوە دانابوو، ئەی بۆ ئەم حیزبانەی کە وەکو خۆیان ئەلێن ریشیان لە کوردایەتی و سیاسەتا سپی کردووە. لە پێشا لە کوردوستان ریشەی فیکرو رەفتاری بەعسیان نەکێشا تاوەکو دواتر بەدنگێکی دلێرەوە بیان توانیبا نەسیحەتی جیران و میرانیان لەو بارەویە بکردایە ، هەرچەندە حەدم نیە نەسیحەتی مندالێکیش بکەم ، بەلام وەکی دەرێن ئەگەر مالت لە شووشەبوو باش نیە بێ حیساب بەردان بهاوی، لەکوێش لەناو دەستووری !